# پەڕێک لە مێژوو

## (هێمایەک بۆ ١٠ی خاکەلێوە)

**ناسری ئەمیننژاد**

ڕۆژی دەی خاکە لێوە، ڕۆژی لە سێدارەدانی قازی محەمەد و هاوڕێکانی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، وەبیرهێنەرەوەی جینایەت و درندەیی ڕژیمی پەهلەوییەکانە دەرحەق بە جوڵانەوەی ملی ـ دیموکراتیک و عادڵانەی خەڵکی ستەمدیدەی کورد. شەست وسێ ساڵ لەمەو پێش ڕژیمی سەرکوتگەری پاشایەتی بە هێرشی دژ مرۆڤانەی خۆی بۆ سەر گەلی کورد و ڕوخاندنی حکومەتی خودموختاری کوردستان، دەیەویست بە گرتن و کوشتن و داپڵۆساندن هیوا و ئاواتە لەمێژینەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و چارەنووسی خۆی بخنکێنێ. دەیەویست تۆوی بێهیوایی و نادڵنیایی بەسەر کوردستاندا بڵاو بکاتەوە و خەڵکی کورد لە درێژەدانی خەباتەکەی و پێداگرتن لەسەر ویست و ئاواتەکانی چاو ترسین بکات.

ئەو ڕۆژانە، ڕۆژانێکی ڕەشی، سەخت و ئەستەم بوون، گەلێک بە پەتی زۆرداریبەوە کران و هەزاران مرۆڤی تێکۆشەر کەوتنە بەر لرفەی هێرشی دڕندانەی سەربازانی پاشایەتی. لەو ڕۆژانەدا چرای ڕووناکایی بە دواڕۆژێکی ڕوناک کز ببوو، تۆزی دڵساردی و ناسوکنایی بەسەر وڵاتدا کرابوو. حکومەت و بەکرێگیراوان لەسەر دڵی گوشراو و ژانگرتووی خەڵک هەڵدەپەڕین.

ئەمانە هەمووی تێپەڕین، خەبات و تێکوشان لە جێگە جێگەی کوردستان و بە چەشنی نوێ، بە ورە و ڕوانینی نوێ دەستی پێکردەوە و خەباتگێڕان بە پشتئەستوری خەڵکی دڵ پڕ لە هیوا مەیدانیان لە دوژمنان و بەکرێگیراون کردەوە بە "قەیسەری" و سەرەنجام وێڕای تێپەڕکردنی هەموو سەختی و هەڵەموتەکان، هێمن گوتەنی سەهۆڵ بەندانی بێدادی ئەگەرچی تووش و دژوار بوو، توایەوە و زاڵمان لە بەر تێکۆشەران دەستیان بەردایەوە و ئەوانەی هەوڵی خنکاندنی هیوای میللەتێکیان دەدا، بۆخۆیان بێ هیوا مانەوە و کەوتنە بەر پێی جەماوەری نارازی و وەک تۆزی بانان بەحەوادا چوون.

لە دوای ڕەوینەوەی دامودەزگای سەرەڕۆی پەهلەوی، هێندەی نەبرد کە خەڵکی ئازادیخواز و مەینەت دیتووی کورد پاش پشوویەکی کورت دیسان کەوتنەوە بەر زەبری سەرکوتی دەسەڵاتدارانی شوێنیست و هەموو هەوڵەکان بۆ دەستپێکردنەوەی دەورەیەکیدیکەی دڕندەیی و سەرکوت بەسەر ئەم خەڵکەدا وەگەڕ خرانەوە. ئەمجارە دوژمنان بە بەرگی ئیسلامەوە هاتنە مەیدان هەتا خەڵکی مافخواز و ڕاپەڕیوی کورد نەتوانی دەستی بە ئارەزووەکانی خۆی ڕابگا و چاوی بە دوارۆژێکی پرشنگدار و ژیانێکی شیاوی ئینسانی بپشکوێ. بەمجۆرە بوو کە جووڵانەوەی بەرگریکارانەی جەماوەریی جارێکیدیکە هاتەوە مەیدان و سەریهەڵدایەوە. ئەمجارەیان ڕەوتی سوسیالیست و بەرابەریخواز بە قورساییەکی بەرچاو و بە نەخش و دەورێکی کاریگەر هاتە مەیدان هەتا پێ لەسەر بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش دابگرێ و ڕەوتی تێکئاڵانی ڕزگاری نەتەوەیی و ڕزگاری کۆمەڵایەتی بە مانای گۆڕانکاری قووڵی کۆمەڵایەتی بباتە پێشەوە و دەستەبەری بکات.

ئێستا نزیکەی سی ساڵە ئەم خەباتە و ئەم کێشمەکێشە گشتی و جەماوەرییە بەردەوامە و خەڵکی زۆرلێکراو و ستەمدیدەی کوردستان سەرەرای ئازار و مەینەتییەکان بۆ ساتێکیش بەرۆکی زۆردارانیان بەر نەداوە و هەروا بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانیان و گلاندنی زۆرداری رێگای بەرەوپێش دەپێون.

با هەموو ئەم رۆژە سەختانە و ئەم نەهامەتیانە بکەینە ئەزموونێک لە پێناو نزیککردنەوەی رۆژی سەرکەوتن، بیانکەین بە دەراوێک بۆ بەخۆدا چونەوە و کەڵک وەرگرتن لە هەڵە و کەموکورییەکان و دەرسوەرگرتن لە ئەزمونە سەرنەکەوتووەکان. با زیاتر لە هەمیشە هەموو هەوڵەکان بخرێنەگەڕ بۆ پتەوکردنی ریزەکانی خەڵکی راپەڕیو، بۆ پشتبەستن بە هێزی لەبن‌نەهاتووی جەماوەر، تا هەموو تواناییەکان بخرێنە بەردەست بۆ هێنانەدی و دەستەبەرکردنی ژیانێکی عادڵانە و شیاوی ئینسان لە ناو کۆمەڵگادا. بۆ خولقاندنی کەش و هەوایەکی سەربەست کە هەموو کەس بتوانی قسەی خۆی بکا و نەکەوێتە بەر جەنجەری گەڕتێئاڵان.

١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٨
٢٨ی مارسی ٢٠٠٩